# بە قسەی کێ پیتەر ڤایس ‹ Peter Weiss › لە سوید ناناسرێت ...؟

فەخرەدین تاهیر



پیتەر ڤایس ساڵی ‹ ١٩٤٧› ستۆکهۆلم

لەسەرەتای ئەم مانگەدا کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی کوردستانم پێگەیشت ، کە لە هەولێری پایەتەخت چاپ و بلاودەکرێنەوە . لەنێو چاپەمەنیەکاندا کۆمەڵێک ژمارەی ڕۆژنامەی برایەتی تێدا بوو . یەکێک لە ژمارەکان ژمارە ‹ **3341** ›ی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ‹ ٢٧ - ٣ - ٢٠٠١ › بوو . لە دوا لاپەڕەی هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی برایەتی دا ، گفتوگۆیەک لەگەل فەتاح خەتاب بلاوکراوەتەوە . موخابن لە کاتی خۆیدا ئەم ژمارەیەم لە بەردەستدا نەبوو ، دەنا هەر ئەو کاتە وەلامم دەدایەوە . بەلام هەنوکەش نەچووە بچێت ، هەربۆیە ئێستا دوای خوێندنەوەی دەقی گفتوگۆیەکە سەرنجی ڕاکێشام بڕیارمدا وەلامی ناوبراو بدەمەوە . هەرچەندە هەموو وەلامەکانی ناوبراو وەلامدانەوە هەڵدەگرن . بەلام من لێرەدا تەنێ وەلامی ناخاوتنێکی دەدەمەوە کە وتویەتی : ‹ ئێستا کتێبێکم هەیە لەسەر شانۆی پارتی زانی ئەمەش وەکو بلێی تیۆری زۆربەی کتێبەکانی پیتەر فایسم خوێندۆتەوە ناوبراو تاکو ئێستاش تەنانەت لە سویدیش نایناسن کابرایەکی فەیلەسوفە ، نووسەرێکی باشە ، کابرایەکە شێوازێکی تایبەت بە خۆیەوە گرتووە لە سینەماوە هەم لە شانۆدا › .

هاوکات لەگەل ئەم قسانەی فەتاح خەتاب لە ڕۆژنامەی برایەتی دا ، شانۆنامەی ‹ لێکۆڵینەوە › کە بە یەکێک لە شانۆنامە درێژەکانی پیتەر ڤایس دەژمێردرێت پێشکەش دەکرا . تاکو ئێستاش لە ڕیپێرتواری شانۆی ریکس تیاترن ‹ **Riksteatern** شانۆی نیشتمانی › دا ، ماوە . ئەو کاتەی ناوبراو لە ڕۆژنامەی برایەتی دا گۆتبووی سویدیەکان پیتەر ڤایس ناناسن ، هاوکات لەستۆکهۆلم شانۆنامەی لێکۆڵینەوە لە دەرهێنانی ڕێژیسۆری بەناوبانگی سویدی ‹ ئێتێنی گلاسێر **Etienne Glaser** › و لە لایەن ریکس تیاترەوە نمایش

دەکرا و ئێستاش لە شارەکانی دیکەی سوید لە پێشکەش کردن بەردەوامە . ڕیژیسۆری سویدی ئێتێنی گلاسیر لەم بەرهەمەیدا پتر لە ‹٤٠› ئامێری تەلەفزیۆن و ڤیدیۆی بەکارهێناوە . هەر کەسێک کە بە دەست نازیەکانەوە کوژراوە . دێتە سەر تەختەی شانۆکە بە تەلەفزیۆنێکەوە و ، خۆی نمایش دەکا . لەگەڵ هەڵگیرسانی تەلەفزیۆنەکەدا وەک شاهێدێک بۆ ڤڕکردنی بە کۆمەڵی جوولەکەکان یەکسەر لەسەر ڕووی شاشەی تەلەفزیۆنەکەدا ئەو تاوانبارە نیشان دەدا کەوا قوربانیەکەی ئەشکەنجە داوە ، تاوانبارەکە یان بە شێوەی جەنەرالێک یان ئەفسەرێک یان کارمەندێکی گوستاپۆ خۆی نمایش دەکا . دیارە ئەم شێوازە دووپاتکردنەوەی شێوازی دیکۆمێنتری پیتەر ڤایسە . بەڵام بە شێوەیەک کە دیکۆمێنتەکە خۆی دیمەنێکی سینەماییە ، بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کراوە و هەر ئەکتەرەکانی سەر شانۆ ڕۆڵی تێدا دەبینن . ئەم شانۆنامەیە لەلای جوولەکەکان جێگای تایبەتی خۆی هەیە و جوولەکەکان هەر لەبەر ئەم شانۆنامەیە بایەخێکی تایبەت بە پیتەر ڤایس دەدەن ، ئەی بۆ نا پیتەر ڤایس کە خۆی جوولەکە بوو ، لەم شانۆنامەیەدا بەرگریێکی زۆری لە جوولەکە کردووە و کێشەی هۆلۆکۆستی مەحکوم کردووە . شانۆی ڕیکس تیاترن لە سوید ، شانۆیەکی دەوڵەتی گەڕۆکە و لە ڕووی داراییەوە دامەزراوە و یەکێکە لە شانۆ گەڕۆکە مەزنەکانی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا . ڕیکس تیاترن لە زۆربەی زۆری شارەکانی سوید دا ، پەیوەندییێکی پتەوی لەگەڵ تیپ و کۆمەڵە و سەنتەرە کولتوورییەکانەوە چەسپاندووە . هەموو بەرهەمەکانی خۆی دەکەیێنێتە زۆربەی زۆری شارەکانی سوید و تاکو ماوەیەکی زۆریش لە نێو پرۆگرامیدا دەمێنێتەوە . شانۆی دەوڵەتی گەڕۆکی ڕیکس تیاترن هەرلە بارەگا سەرەکیەکەیان لە شاری ستۆکهۆلدا پتر لە ‹١٠› هۆلی مۆدێرنی بە هەموو کەرەسەیەکی تازەوە تێدا هەیە . لە شانۆنامەی ‹ لێکۆڵینەوە › دا پتر لە پەنجا ئەکتەر بەشداری کردبوو . بەش بەحاڵی خۆم بە درێژایی نمایش کردنی شانۆنامەکە ، بیرم لەوە دەکردەوە ، کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕیژیسۆرێکی کورد بیر لە شانۆنامەیەک دەربارەی ئەنفال بکاتەوە ، ئەوا ئەم شانۆنامەیە یەکا و یەک مەبەست دەبێکێ و بێ سێ و دوو گوزارشت لە ڤران و جینۆساید دەکا . بێگومان هیچ بەرهەمێکی شانۆییم بەم جۆرە تەکنیکە نەدیووە . شانۆنامەی ‹ لێکۆڵینەوە › باس لە ڤرکردن و جینۆسایدی جوولەکەکان بە دەستی نازییەکانەوە دەکا . هەروا شانۆی دەوڵەتی لە شاری مالمۆ لە باشووری سوید هەمان شانۆنامەی ‹ مارات – ساد Marat/sade › ی لە دەرهێنانی ڕیژیسۆری گەورەی سەرتاسەری وڵاتانی ئەورووپای باکوور ‹ ڕالف لونگ باک Ralf Långback › کە پسپۆرە لە شانۆی برێخت ، پێشکەش کرد. لونگ باک لەسەر بناخە و فەزای بە تاڵ و بەشێوازی پیتەر برووک ئەم شانۆنامەیەی دەرهێنا بوو . لە شانۆنامەی ‹ مارات – ساد › دا کە پیتەر ڤایس ئێستاتیکای شانۆی ئارتۆ و شانۆی برێختی لێکگرێداوە . هەر لەبەر ئەوەشە هاوکات ‹ پیتەر برووک Peter Brook › کە دەیویست ستیلی ئارتۆ زیندوو بکاتەوە و کەڵکیان لێ وەربگرێ ، هەر لەبەر هەندێ پەنای بۆ ئەم شانۆنامەیە بردووە . ئەوەبوو هەتا ئێستاکە ئەم شانۆنامەیە بە یەکێک لە شاکارە هەرە بەناوبانگەکانی پیتەر ڤایس دادەنرێت . لەم شانۆنامەیەدا دوو چەمسەری سەدەی بیستەم ‹ ئارتۆ و برێخت › ی پێکەوە گرێداوە . لە ڕێگای ئەو دووانەوە ، کێشەی شۆڕش و زوڵم زۆرداری و یەکسانی لە جیهانێکدا دەخاتە ڕوو کە زێدەتر لە شێتخانە دەچێت .

‹ ئینگمار بێرگمان Ingmar Bergman › ڕیژیسۆری بەناوبانگی سویدی لە ساڵی ١٩٦٦ دا شانۆنامەی ‹ لێکۆڵینەوەی › دەرهێنا ، کە نەخشەی دیکۆری شانۆنامەکە لەلایەن هاوسەری پیتەر ڤایس ، ‹ گونیلا ڤایس GunillaWeiss ›ەوە بۆ دانرا و جێگای تایبەتی لە مێژووی شانۆی هاوچەرخی سوید دا هەیە . شانۆی ‹ سکالا ScalaTeater › شانۆنامەی ‹ سروودی ئەنگۆلا › ی لە ساڵی ١٩٦٧ دا پێشکەش کرد . کە ئەم شانۆنامەیە کراوەتە عەرەبی بە نێوی ‹ انشودە انغولا › ، کە ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیە باس لە کێشەی داگیرکردن و ئیمپریالیزم لە وڵاتانی ئەفریقیا دەکا . شانۆنامەکە شانۆنامەیەکی مۆسیکالی دیکۆمێنتری بوو . ئەم شانۆنامەیەش هەر کەڵە ڕیژیسۆری سویدی ‹ ئێتێنی گلاسیر Etienne Glaser › دەریهێنا بوو ، کە ئەم شانۆنامەیەش لە ڕووی بینای مۆسیقاوە زۆر دەنگی دایەوە . ئەم شانۆنامانە لە شانۆی هاوچەرخی سویدی دا زۆر بەناوبانگن . ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە هەشتاکان و نۆوەدەکانیش گەلێک شانۆنامەی دیکەی لەم بابەتانە پێشکەش کراون و ناوبانگی زۆریشیان دەرکردووە .



پیتەر و گونیلا ڤایس لەگەڵ ئینگمار بێرگمان

بێگومان ئەز تەنیا ناوی ئەو بەرهەمانەم برد کە لەلایەن شانۆ مەزنەکانی سویدییەوە وەکو ‹ شانۆی شاهنشایی kungliga Dramaten › و لە لایەن هەندێک لە ڕیژیسۆرە بەناوبانگەکانەوە دەرهێنراون . کەڵە ڕیژیسۆرەکانی سویدی کە بەرهەمەکانی ‹ پیتەر

قایس › یان پێشکەش کردووە ، وابزانم ناوی ئینگمار بێرگمان هەر خۆی بەسە ..
خۆ ئەگەر بمانەوێ لیستەیەکی بەرهەمەکانی ‹ پیتەر ڤایس › لە شانۆی گچکە و ئەزموونکار و تایبەتەکان ئامادە بکەین ، ئەوا کارێکە زۆر کات دەبا و ئاسان نایاتە ئەنجام .. بەڵام هەر بۆنموونە ناوی ڕێپێسۆرە سەرەکییەکانی دەوڵەتی سوید دەبەم کە بەرهەمەکانی ‹ پیتەر ڤایس › یان پێشکەش کردووە ... لەمانە : ‹مارات – ساد › لە دەرهێنانی ‹ فرانک سوند ستریم Frank Sundsström › لەسەر شانۆی شاهەنشاهی ساڵی ‹١٩٦٥ › دا پێشکەش کراوە ، کەلە ئەکتەری بەناوبانگی سویدی ‹ ئارلاند یوسفسون Arland Jossfsson › بەشداری تێدا کردووە . هەر چەندە لە دەستێکدا ئاماژەم بە چەند بەرهەمێکی پیتەر ڤایس کردووە کە لە شانۆکانی سوید لە قۆناغە جیا جیاکاندا پێشکەش کراون . پێموایە ئەوەندە بەسە ، دەنا ئاماژەی دیکە زۆرن . تۆ بڵێی : پاش دەرهێنانە مەزنەکەی شانۆنامەی ‹ مارات – ساد › لەلایەن ‹ پیتەر برووک ›ەوە ، کە ئەم شانۆنامەیە لە جیهان دەنگی دایەوە و گەورەترین خەڵاتی لەلایەن ئەکادیمیای هونەر لە شاری بەرلینی ڕۆژهەڵاتی ئەوسا لە ساڵی ‹ ١٩٦٦› دا وەرگرت . دەبێ ئەوسا سویدییەکان خەوتبووبن و ئاگایان لێ نەبووبێ ، یان بە قەد فەتاح خەتابی نەناسن .. ؟ لەکاتێکدا کە پیتەر ڤایس خۆی لەساڵی ١٩٣٩ ەوە هاتۆتە سوید و لە ساڵی ١٩٤٥ەوە بۆتە هاوڵاتییەکی سویدی و بەرهەمەکانی لەسەر زۆربەی زۆری شانۆکانی سوید بە گشتی و شانۆی شاهەنشاهی بە تایبەتی پیشان دەدرێت ، تەنانەت تاکو ئێستا لە سوید سێ کۆنگرەی گەورە دەربارەی بەرهەمەکانی پیتەر ڤایس بە گشتی و ئیستاتیکای بەرگری بەتایبەتی گێڕدراون . هەروا ئەگەر هەر کەسێک لە سوید بخوازێت زانیاری زیاتر لە سەر کار و بەرهەمە هونەرییەکانی پیتەر ڤایس دەست بکەوێت ، ئەوە دەتوانێت ڕوو لە هەر کتێبخانەیەکی گشتی گەڕەکێکی گچکەی شاری ستۆکهۆلم بکات ، ئەوکاتە چەندان بەرهەمی لەسەر پیتەر ڤایس دەست دەکەوێت ، چ لە نووسینی خۆی و گونیلا ڤایسی خێزانی یان نووسەرانی سویدی و ئەورووپی کە لە سەریان نووسیوە . کەچی فەتاح خەتاب دەڵێ : پیتەر ڤایس تاکو ئێستاش تەنانەت لە سویدیش نایناسن . یان دەڵێ پیتەر ڤایس کابرایەکی فەیلەسوفە . ئەگەر سەیری فەرهەنگی شانۆ بکەیت ، کە ئێجگار زۆریان لەسەر پیتەر ڤایس نووسیوە ، هیچ فەرهەنگێک نییە بە پیتەر ڤایسی گوتبێت فەیلەسوف ، تەنیا فەتاح خەتاب نەبێت . بەداخەوە فەتاح خەتاب وادەردەکەوێ کە ئەک هەر ئاگای لە شانۆنامەکانی پیتەر ڤایس نییە ، بگرە هەر ئاگای لە شانۆی سویدی بە گشتی نییە . ئەوەی شایانی باس بێ خێزانی پیتەر ڤایس هەر وەک بنەماڵە لە دایک و باوکەوە لە سوید ژیاون و ناسراون . جارێ هەر بۆنموونە گونیلا ڤایسی خێزانی یەکێک لە سینۆگرافە هەر بەناوبانگەکانی سوید . بە درێژایی تەمەنی لە شانۆی شاهەنشاهی سوید دا ، کاری کردووە . نیگارکێشی دیکۆری بەشی زۆری بەرهەمە کەلە ڕێپێسۆرەکانی سوید بووە . لە سەرووی هەموو شیانەوە ئینگمار بێرگمان . کتێبە بەناوبانگەکەی دەربارەی سینۆگرافیا بە ناوی ‹ سینۆگرافیا و جلوبەرگ › ئێستاش گرنگترین سەرچاوەیە .
جارێ خۆ ئەگەر باس لە نادیا ڤایسی کچی پیتەر ڤایس بکەین ، کە ئێستا ئەکتەرێکی گەلێ بەناوبانگە لە سوید ، ئەم دەم باسەکەمان درێژەیەکی دی وەردەگرێ ، نادیا ڤایس ئێستا ڕۆڵی سەرەکی لەگەڵێ شانۆنامەی شانۆی شاهەنشاهی دەبینێ . لەوانە لە شانۆنامەی ‹ بە تووڕەییەوە ئاوڕ بدەوە › لە نووسینی نووسەری ئینگلیزی ‹ جۆن ئۆزبۆن › ە. ئەمە و جگە ڕۆڵی لە بواری فیلمی سینەمایی و تەلەفزیۆندا .



پیتەر ڤایس و سارتەر



پیتەر ڤایس و گونتەر گراس

لە دوماهیدا ئەگەر ڕێگا بدرێم حەز دەکەم دوو باری سەرنجی خۆم ، کە ڕەنگە شێوەی ئامۆژگاری بگرێتەوە ، بخەمە ڕوو : یەکەمیان بۆ فەتاح خەتابە : ئەگەر هەروەکو خۆی دەڵێت بەتەمای نووسینی کتێبێک بێ دەربارەی پیتەر ڤایس ، یان لەبەر ڕۆشنایی بیر و بۆ چوونەکانی پیتەر ڤایس دا دەخوازێت دەربارەی شانۆی پارتیزانی بنوسێ . ئەم پێشنیازە بۆ ئاوێزاو دەکەم ، جارێ با پرۆژەی نووسینەکانی دوابخات و پێویستە یەکسەر هەوڵێر بەجێ بهێڵێت و بەرەو سوید بگەڕێتەوە . هەتا زووە کۆرسێکی زمانی سویدی بخوێنێ . ئینگلیز واتەنی : ‹ Never late هیشتا هەر درەنگ نییە › . بەراستی دەبێژم ئەگەر زمانی سویدی وەهەروا ئەگەر تەنانەت زمانی ئەڵمانیش باش نەزانێت ، نووسین دەربارەی پیتەر ڤایس کارێکی بێ هوودەیە . لەبواری ئیستاتیکادا وانە ‹ ڕۆڵی هونەر لە گۆڕانی کۆمەڵگادا پەیوەندی نێوان هونەر و بیروڕاکانی پیتەر ڤایس دەربارەی سیاسەت . هەروەسا پەیوەندی دیالێکتیکیانەی نێوان ناوەرۆک و شێوە و ...هتد . لە کتێبەکەی ئیستاتیکای بەرگریدا کە سێ بەشن ، بە شێوەیەکی پوختە باسکراون . جا کە فەتاح خەتاب فێرە

زمانی سویدی بوو ، ئەم کتێبەی خوێندەوە ئەوسا تێدەگا . یان ئەگەر ئەو وا تێدەگات کتێبە بەناوبانگەکەی پیتەر ڤایس بەنێوی ‹ ئیستاتیکای بەرگری **Motståndets estetik** › کە پێشتر چەندان خەڵاتی وەرگرتووە. تەنانەت دوای مردنیشی بە ماوەیەکی ئێجگارکەم لە ساڵی ‹١٩٨٢ ›دا ئەم کتێبەی خەڵاتی کولتووری لەلایەن دەزگای ‹ **Büchner-priset** › ی وەرگرت . ئەوە بە هەڵەدا چووە . چونکە ناوەرۆکی ئەم کتێبە باس لەململانێی چینایەتی و پەیوەندی هونەر و ئەدەب بە شۆڕشەوە دەکات ، نەک شەڕە تفەنگ و پارتیزانی . هەر وەک ئەو لێی تێگەیشتووە . بێگومان هەندێ لەو قسە و فەرمایشتانەش مادام لە دەمی کەسێکەوە دەردەچێ کە لە ئەورووپاوە گەڕاوەتەوە ‹ هەروەکو ئەوەی فەتاح خەتاب دەربارەی پیتەر ڤایس لای کەسانێک جێدەگرن ، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ › ..! هەر بەم بۆنەشەوە دەبێژم : خۆ ئەگەر هەر سوورە لەسەر ئەوەی کتێبێک دەربارەی شانۆی پارتیزانی بنوسێ ، پێویست بە گەڕانەوە و فێربوونی زمانی سویدی ناکات ، بگرە دەتوانێ هەر لە هەولێر بینووسێ ، چونکە بابەتی وا پەیوەندی بە پیتەر ڤایسەوە نییە ... پێموایە ئەوەندە وەڵامە بەسە بۆ ئەو . هەوڵدەدەم لە دەرفەتێکی دیکە دا فەتاح خەتاب بە شێوەیەکی تر بە سەربکەمەوە .

١٢-١٠-٢٠٠٤ ستۆکهۆڵم

سەرچاوەکان بەزمانی سویدی :


**1-Bergh Magnus : Mörkrets litteratur : Peter Weiss i Motståndets estetik . Stockholm 1999.**
**2- Henschen, Helga : Åren med Peter , Stockholm 1991.**
**3- PETER WEISS : Målningar .Teckningar . collage . Filmer. Teater . Litteratur . Politik . Gunilla Palmstierna-Weiss och Jurgen Schutte . Stockholm 1991.**
**4- Wendelius, Lars : Form tematik i Peter Weiss . Motståndets estetik . Stockholm 1991.**
**5- Persson , Sven Hugo : Från grymhetens till motstånds estetik : Peter Weiss tidiga författarskap och dramat Marat/Sade . Stockholm 1979 .**
**6- Den Svenska litteraturen , bd 6 , s 87 , bd 7 , s 142-144 , 335-337 .**
**7- Littereraturens Världshistoria , bd, 12, s. 158-161 .**


**تێبینی :** ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ئەدەب و هونەری برایەتی لە هاوینی ساڵی ٢٠٠١ دا ، بڵاوکراوەتەوە . ئەم بابەتە ماوەیەتی .



شانۆگەری ‹ مارات – ساد › لە بەرلینی ڕۆژئاوای ئەوسا لە ٢٩- ٤- ١٩٦٤ دا نمایش کراوە